وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان دیاری دەکات

ئەوارەی ئەمە دووشەممە، پشتیوان سادق، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێم لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، بە پشت بەستن بە بڕیارەکە شەرعییەکانی بینینی مانگ و هەماهەنگیمان لەگەڵ لیژنە لاوەکییەکان بۆ چاودێریکردنی بینینی مانگ لەسەر ئاستی هەموو پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بە پشت بەستن بە بڕیارەکانی فەلەکناسی لە هەرێمی کوردستان و لەبەر نەبونی بەڵگەی شەرعی پێویست، لیژنەی بانگی بینینی مانگ ڕایدەگەیەنێت، سبەی سێشەممە (9ـی نیسانی 2024) تەواوکاری مانگی ڕەمەزانە، دووسبەی چوارشەممە (10ـی نیسانی 2024) یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە.

هەر ئەوارەی ئەمە دادگای باڵای سعودیە ڕایگەیاند، سبەی سێشەممە (9ـی نیسانی 2024) تەواوکەری مانگی ڕەمەزانەو ڕۆژی چوارشەممە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانە.